


## دۆسیەی تایبەتی

# کاروان عومەر کاکەسوور

قسەکردن لەسەر ئەوە نەوەیەی پێی دەوترێ نەوەی دوای ڕاپەڕین، بەبێ راوەستان و هەڵوێستەکردنی جدی لەسەر (کاروان عومەر کاکەسوور)، قسەکردنێکی پڕ کەلێن و کەموکورت دەردەچێ. ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت گەر بڵێین کاروان پڕبەرهەمترین و خاوەنی تایبەتمەندیترینی ئەو نەوەیەیە و بە جۆرێك توانیویەتی خۆی لەوانی دیکە جیابکاتەوە، کە خوێنەرەکانی هەرزوو دەتوانن کارەکانی بناسنەوە، ئەگەر ناویشی بەسەرەوە نەبێت.. کاروان ئەو کاتەی واقعمان بۆ دەگێڕێتەوە، بیری ناچێت گەشتمان پێ بکات بەناو خەیاڵە پڕ سیحر و ئەفسونەکانیدا و کاتێکیش دەیەوێت خەیاڵمان بۆ بکات بە تێکست، دیسان ناهێڵێ لە واقع دابڕێین، بەڵام واقع وەکو ئەوە نا کە خۆمان دەیبینین، بەڵکو وامان لێ دەکات نەتوانین بزانین لە کوێدا بەر خەیاڵ دەکەوین و لە کوێشدا واقع ئامادەیە.. کارەکتەرەکانی کاروان ئەو مەخلوقانەن کە ڕۆژانە بەریان دەکەوین و لە هەمان کاتدا ئەوانیش نین!.. وەك چۆن سەرجەم پێکهاتەکانی تریش لەناو تێکستەکانیدا بەو جۆرەن.. پێدەچێت کاروان لەڕێی کارەکانییەوە پێمان بڵێت من ئەم دونیا واقعەم قبووڵ نییەو دەمەوێت دونیا بەم جۆرە بێت.. خۆ ئەگەر لە واقیشدا نەتوانم دروستی بکەم، ئەوا لەڕێی کارەکانمەوە دروستی دەکەم...
هەر لەبەر ئەوەیە بڕیارمان دا دۆسیەی تایبەت ئامادەبکەین بۆ ئەم نووسەرە جیاوازە..